نووسینگەی سیستانی سەرخۆشی لە کۆچی دوایی پاپا دەکات: پێگەیەکی ڕۆحی هەبوو



نووسینگەی سیستانی ڕایگەیاند، بە داخێکی قووڵەوە هەواڵی کۆچی دوایی پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکانمان پێگەیشت، کە پێگەیەکی ڕۆحی بەرزی لەنێو زۆرێک لە گەلانی سەر زەویدا هەبوو و ڕۆڵێکی زۆری لەلای هەمووان هەبوو.

ئەمڕۆ دووشەممە ٢١ـی نیسانـی ٢٠٢٥، نووسینگەی مەرجەعی باڵای ئایینی، سەید عەلی سیستانی، بە بۆنەی کۆچی دوایی پاپا فرانسیسی یەکەم، سەرخۆشی خۆی پێشکەش کرد.

ئاماژەی بۆشکرد، کەبوونەوە مێژووییەکەی پاپا فرانسیس و باڵاترین دەسەاتی ئایینی لە نەجەف، بگەیەکی لە ڕادەبەدەر گرنگ بوو بە هەردوولا بە دووپاتکردنەوەی ڕێی بنەڕەتی ئیمان.

هاوکات، باسی لە پێویستی یەکخستنی هەوڵکان بە بەرەوپێشبردنی کلتوری پێکەوەژیانی ئاشتیانە و ڕێکردنەوەی تووندوتیژی و ڕق و کینە و چەسپاندنی بەهاکانی هاوئاهەنگی لە نێوان مرۆڤکاندا لەسەر بنەمای پاراستنی مافەکان و ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان لایەنگرانی ئایینە جیاوازەکان و ڕووتی فیکری کرد.

هەروەها، مەرجەعی باڵای ئایینی، وەڵای پشکشکردنی سەرخشی و هاوخەمی خۆی بۆ شونکەوتوانی کنیسەی کاسلیکی لە جیهاندا لەسەر کچی دوای پاپ فرانسیس، هیوای سەبر و دڵنەواییان بۆ دەخوازێت.